








## بازن و ئێکسسواری گەورە و ڕەنگ

شێوازەکانی ئێکسســـوار، مایەی تێڕامان و جوانی دەبن کاتێك بە جەستەی خانمانەوە دەبن، یان لە پۆشــینی ئێکسسوارەکان چەندین ڕەهەنــدی جوانی دەردەخەن، ئێکسســـوار وادەکات کە هەر مۆدەیەك ئاراستەیەکی جوانی و پڕ بایەخی خۆی هەبێ، لەو کاتەی مۆدەی هەر ئێکسسوارێك تایبەتمەندی و ڕازاوەیی خۆی پێوە دیارە، وێڕای ئەوەی ئێکسســـوارەکان گۆڕانکاریان بەســـەردا دێ، بەڵام دەتوانین

## هەنگاوەکانی تەسریح

لە ئێســـتای دنیای مۆدەکانی بەســـتنی قژ و تەســـریحەی خێرای خانمان چەندین ڕێگە هەیە، ئەو شێوازەی لەو هەنگاوانە بەدیار دەکەوێت شـــێوازێکی خێراو ناسك و نوێی بەســـتنی قژی خانمانە بەشێوازێکی ئاســـان، هەر تەســـریحەیەك بە چەند هەنگاوێك تێپەڕ دەبێ، کە ئەوەش لـــەلای خانمان بە کارێکی قورس دادەنرێ، لەم چەند هەنگاوەدا خانمان دەتوانن قژیان بکەن بە تەســـریحەیەکی ناســـك و ڕازاوە، کە لە یەکەمین هەنـــگاودا قژ دەکرێتە دوو بەش لە ناوەڕاســـتەوەو دواتریش لایەکی وەك کلکە ئەسپ لێدەکرێ، پاشان لایەکەی دیکەش جیا دەکەینەوە و ژێرەوەی قژەوە، واتە پشـــتەوەی ســـەر بۆ خوارەوە دەهێنرێ و لای سەرەوەش وەك لوولێکی بچووکی لێدەکرێ و هەمان ئەو لوولە دەخرێتەوە لای ڕاســـتە، واتە کلکە ئەســـپەکەی یەکەم جار، پاشـــان کلکەکـــە و لوولەکە تێکەڵ دەکرێ و دەخرێتە ناو یەکتر، بە تۆقەیەك یان بە ئێکسسوارێك لە یەکتریان دەبەستن و دواتریش بەردەدرێتەوە، بەمەش دەگەین بە ئەنجامی قژێکی نایاب و ناســـك لە جوانی و تەسریحەیەکی ڕازاوە، کە بۆ ماڵەوە و دەرەوە دەکرێ ئامادە بکرێ.

## ستایلە تازەکان

لەگەڵ هەر ماوەیەکدا، گۆڕانکاری و شـــێوازە تازەکانی جلوبەرگ لە گشـــت بوارەکاندا دەگۆڕێن و بە ستایلێکی دیکە دەردەکەون، بەهۆی ئەوەی هەر شـــێوازێك کۆتایی دێ و لە مۆدەکانی جلوبەرگیشـــدا، ئەو گۆڕانکارییە کۆڵەکەی ســـەرکەوتنی مۆدەکانە، لە ڕێگەی شێوازە تازەکاندا چەندین ئاراســـتەی ناســـك و ڕازاوە بەدی دەکەین، بە تایبەت ئەو بۆنە و ئاهەنگانەی لە ژیانی تایبەتی هەر خانمێکدا، پێویستی بە ڕازاوەترین جل دەبێ بۆ ئەو ڕۆژە. لـــە درێژەی زنجیرە جلەکانی تەرخانکراو بۆ ڕۆژی نیشان و مارەبڕین، چەندەها





## ـــــاوڕەنگ

زیاتر ســـوود لەو ئێکسسوارانە وەربگرین کە جێگەی سەرنجڕاکێشان و جوانییەکی ناســـکە، لە وەرزی زســـتاندا ئێکسسوارەکان ون دەبن، بەهۆی زۆری جلوبەرگەوە کە خانمان لەبەری دەکەن، بەمەش دەبێ چارەسەری بۆ ئەو لایەنە بدۆزرێتەوە و لە کاتێکدا پسپۆرانی بواری جوانـــکاری بیر لەو حاڵەتانە دەکەنەوە و چارەسەریشـــی بۆ دادەنێن، کێشـــەی بازن یان ئێکسسوارەکانی دەســـت، لەگەڵ درێژیی قۆڵی جلەکانی زســـتانە، ون دەبن و دەکەونە ژێر جلوبەرگەوە، زیاتریش لە وەرزەکانی دیکەش ئێکسسواری بازن دەردەکەوێ کاتێك جلوبەرگەکان کورت و یان بێ قۆڵن، لێرەدا چارەسەری بۆ ئەو لایەنە پۆشینی یان هەڵبژاردنی بازن و ئێکســـــواری گەورەیە بۆ دەستەکان، تاوەکو دیار بکەوێ ئەگەر لە ژێر جلەکانیشدا بێ.

## ـــــەیەکی ناسکی خانمان




## جلی ماڵەوە و نووستن بۆ وەرزی سەرما



جلەکان بۆ دوو لایەنی ســـەرەکی هەن لە ژیانی مرۆڤدا، یەکێکیان بۆ جوانکاری و ئەوەی دیکەش بۆ داپۆشین و پارێزگاری کردن لە سەرما و گەرما، وەرزی زســـتانیش پێویستی بە جلی باش و ئەستوور هەیە، تاوەکو گەرممان بکاتەوە و لەگەڵ ئەو لایەنەشـــدا دەبێ شێوازێکی جوانکاری و ناسکی پێوە دیار بێ، جلی ماڵەوە یان جلی نووســـتن، یەکێکە لە جلە سەرنجڕاکێشەکان، کە بە جۆرێك شـــێوازێکی ناســـك و کارامە لە خۆدەگرێ، بەمـــەش دەتوانین ســـوود لە جوانی ئەو جلە وەربگرین، لە کاتێکدا گشت جلەکانی وەرزی زســـتان، جوانیان کەم دەبێتەوە بەهۆی کەم دەرکەوتنی جلی رەنگاورەنگ و مۆدەکانی دیکەی وەرزەکان، جلی ماڵەوە یان جلی نووســـتن، زیاتر لە دوو پارچە پێکدێـــت و زیاتریش هاوڕەنگە و یەك شـــێوازە، پێچەوانەی مۆدەی وەرزی هاوین، هەر یەکە لە رەنگ و نەخشێکە، بەتایبەتیش لە جلی زستانەدا ئەو جلانەی کە نەرمن زیاتر بایەخیان پێدەدرێ و تاوەکو لە کاتی نووســـتن و حەوانەوەشـــدا خۆش و ئاســـایی بن، ئـــەو چەند جۆرە جلە مۆدەیەکی جوان و ناســـکن لە پۆشـــیندا، لە ماڵەوە یان بۆ کاتەکانی نووســـتن، مەرجیش نییـــە رەنگەکەیان دیاریکراو بـــێ، هەر رەنگێك بێ جوانی خۆی دەدات و بەهۆی ئەوەی لەماڵدا و لەژێر رووناکییەکی بەهێزدا.

## ـــی جلی نیشان و مارەبڕین

ستایلی جلی جیاواز دەبینین و لە تازەترین مۆدەکانی ئەو جلەدا بـــۆ ئەو بۆنە تایبەتەدا، کار لەســـەر گۆڕینی شـــێوازەکە کراوە کە جیاوازتر لە مۆدەکانی پێشـــوودا، زیاتریش لەوەی کە بەشی سەرەوەی تەسك بێ و جەستە بگرێ و لە خوارەوەش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی فراوان و گەورە بکرێتەوە، ئەمەش وەك یەکسانییەکی نێوان بەشـــی ســـەرەوە و خوارەوە تاوەکـــو جوانییەکی رەها بدات و جەســـتەی خانمانیش بۆ دوو شـــێوەی جیاواز جیا بکاتەوە و دەربخات، ئەویش لە رێگەی تەسك دەرخستنی ناوقەد و سینگدا، هەروەها فراوان بوونی لە بەشی خوارەوە، ئەمەش دەبێتە مۆدەیەکی سەرکەوتوو لە جلەکانی رۆژی نیشانە و مارەبڕین.



# گەورەترین داری کوردستان ببینە!

جیا لە تەواوی بابەتەکان و باسکردنی گەورەترین و بچووکترین شتی دەرەوە، باس لە گەورەترین دار دەکەین، بەڵام ئەمجارە نەك لە سەر ئاستی جیهان، بەڵکو لەسەر ئاستی کوردستان، کوردستان سرووشتێکی دەوڵەمەند و ڕێکوپێکی جوانی هەیە هەمیشە ئاوەدانە بە چەندین چیاو دەشت و دۆڵ و گژوگیا و داری سروشتی، هەندێك جار هەندێك دیمەن کە ڕەنگە دارێك یان دۆڵێن بێت سەرەنجی مرۆڤ ڕادەکێشن و ئارەزوو دەکات بە بەردەوامی سەردانی ئەو شوێنانە بکات، گەورەترین دار لەکوردستان دار چنارێکە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی گوندی (هلوڕاب) لە ناحیەی (دینارتە)ی سەر بە قەزای (ئاکرێ)، ئەستووری ئەو دارە (٥,١٤) پێنج مەترو چواردە سانتیمەتر پان دەبێت و درێژیەکەشی (٣) سی مەترە و مێژووەکەشی بۆ (٣٠٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە و تا ئێستاش لە گەشە و گەورەبووندایە. ئەم دارە لە بەردەمی مزگەوتێکی ئەو ناوچەیە ڕوواوەو ئاوێکی سازگاری بە ژێردا دەڕوات لەوەرزی زستاندا گەرمە و لە هاوینیشدا ساردە، ئەوەی شایەنی باسە ئەو ئاوەی لەژێر ئەو دارەوە دەردەچێت، ئاوێکی پاکەو چەند جارێك پشکنینی بۆ کراوە. تەنانەت بۆ چارەسەری چەند نەخۆشیەکی وەکو بەڵەك و بەردی گورچیلە بەکاردێت، لە تەواوی کاتەکان و بەتایبەت لەوەرزی گەشت و بەهاردا بە سەدان گەشتیار ڕوو لەو ناوچەیە دەکەن و بە دیمەنی ئەو دارە و ناوچەکە سەرسام دەبن.

# قاپووتی

لە کوردەواریدا، بیرۆکەی چەندین کاری جوان و تایبەت بە یەکێك لە کارە دەستییەکاندا دادەنرێن و زیرەکی و بیرمەندی لە ئەقڵی باب و باپیرانمان، بۆیە بیریان لە دروست کردن و ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ژیان کردۆتەوە، وەك : جلوبەرگ و کەرەستەی بەکارهێنان لە کاتی کار کردندا، کەلوپەلی ڕۆژانە و ژێر دەستە، لە کاتی سەرما و سۆڵەدا، شوانکارە و گاوانیی بەر مەڕ، تووشی سەرمابوونێکی زۆر دەبنەوە، لە ڕێگەی ئەو لایەنەوە توانیویانە سوود لە جلێك وەربگرن کە پێیدەگوترێ (قاپووت)، ئەو جلە وەك جلێکی درێژ و بەهێز لەلایەن کوردەوە دروست کراوە و کە جلێکی گەرمە و لە شەوانی زستانان بەسوودە و دەتوانرێ بتپارێزێت لە سەرمای زستانە، لەو کاتەی



# کەروێشکێک لە

گیاندارە سەیرەکان، کاتێك لە شێوەی سرووشتی خۆیان نابن و بەمەش دیمەنێك یان حاڵەتێکی سەمەرە دروست دەکەن، لەوکاتەی کە دەزانین شێوە و قەبارەی گیانداران چۆنە، بەڵام کاتێك یەکێکی جیاواز دەبینین و هەست بە گۆڕانکاری لە شێوەکەیدا دەکەین، ئەم کەروێشکە لە شێوەی بەرخ دەچێ نەوەك کەروێشك بێ، ئەم جۆرە کەروێشکە پێیدەگوترێ (ئەنگۆرا) کە زیاتر لە وڵاتی تایوان دەبینرێ، ئەوەی جێگەی سەیرە ئەو جۆرە کەروێشکە وەك بەرخ خووریی هەیە و تەنانەت جیاوازییەکەی لەگەڵ کەروێشکی دیکەدا ئەوەیە تووکی وەك خووری وایە، هەر کەروێشکێکی لەم جۆرە نزیکەی (١) کیلۆگرام خووری هەیە و مەبەستی بەخێوکردنی ئەو جۆرە کەروێشکە ئەوەیە سوود لە جوانیی شێوە و خووریی جەستەی دەبینن، بە

# جمكێكی جیاواز لە ڕەنگی پێستدا



دوای هاوسەرگیریی نێوان (كەیلـــی هودگســـۆن و رامی) لە وڵاتـــی ئەمەریكادا لە ســـاڵی (٢٠٠٦)، دوای چەند مانگێك لە ژیانی هاوســـەریەتییاندا، ئافرەتەكە هەست بە دووگیانی دەكات و دوای پشكنین، بۆی دەردەكەوێ كە جمكێكی لە سكدایە، وێڕای چاوەڕانی لە هاتنی ئەو جمكە و لە كاتی لە دایكبووندا، حاڵەتێكی سەیریان بینی، ئەویش بوونی جمكێك كە هەردووانیان كچن و بەڵام پێستی هەر یەكێكیان لە ڕەنگێكە، واتە یەكێكیان سپی پێست و ئەوەی دیكەش ڕەش پێستە، ئەوەش بوو بە مایەی سەرنجڕاكێشان و گرنگی لەلایەن كەسانی نزیك و دۆستانی ئەو دوو هاوسەرەوە، دواتر وەك حاڵەتێكی ئاسایی بینرا، كەچی ســـەیرتر لە پێشوودا، دوای (٧) ساڵ، واتە لە ئێستادا هەمان حاڵەت دووبارە بۆتەوەو هەمان جمكی پێشوو كە هەردووانیان كچن و هەر یەكە پێستی ڕەنگێكە، ئەمەش بۆیان دەركەوت كە ئەو دوو هاوسەرە لە دوو حاڵەتی پێشوودا منداڵەكانیان كچن و جیاواز دەبن لە ڕەنگی پێستیان.

## كوردەواری

شـــوانەكان لە كاتی مەڕ لەوەڕاندا دەبن لە ناوچە ساردەكان یان كاتی شەوانە لە كێوەكاندا دەمێننەوە، ئەمەش واتە مەڕ دەچێتە دەشـــت و لە هەوێزی دەبێ، لەم كاتەدا ئەو جلە بەسوودە لەبەر دەكرێ، زیاتریش شوانەكان بە قاپووت دەخەون چونكە گەرمە، بۆ پاراســـتن بە بارانیش نایلۆنێكـــی لێدەدەرێت و ئاو نادات و ناچێتـــە ژوورەوە، قاپووت لە بەرگەنی بەرخ دروســـت دەكرێ، خوریی بەرخ لێدەكرێتەوە و لە ساڵی یەكەمی تەمەنی بەرخدا، دواتر خـــوری هەلاج دەكرێ و لێك دەكرێتەوە، پاشـــانیش ئەو خورییـــە دەكوترێت و پان دەكرێتەوە، دواتر دەخرێتە ناو خوێ و تاوەكو پاك دەبێتەوە و پاشان دەكرێتە قاپووت، درێژیی قاپووت تاوەكو بن پێ دەبێ ئەوەندەی باڵای مرۆڤێكە.



## ترسناكترین جۆلانێ




ئەو كارانەی بۆ خۆشـــی و سەمەرە دروست دەكرێن، جێگەی بایەخن و لەلایـــەن خەڵكەوە گرنگی پێدەدرێ، لە كاتێكدا دەشـــزانن كارێكی جیاوازە لە لایەنە سرووشـــتیەكاندا، بەڵام بەردەوام كاری لەسەر دەكەن، وەك ئەو جۆلانەیە، كە بە ترســـناكترین جۆلانـــێ دادەنرێ و دەكەوێتە شـــاری (بانۆس) لە وڵاتی ئیكوادۆر، لەسەر گردێكە و پێیدەگوترێ (لاكاسادێل)، ئەم جۆلانێیە لەسەر دارێكی بەرزەوە بەستراوە و خوارەوەی لای پێشـــەوەی جۆلانێكە بەرەو دۆڵێك دەچێ كە زۆر بەرزە و دەگاتە (٢٦٦٠) مەتر لەســـەر ئاستی زەوی، ئەوەی لەسەر جۆلانێكە بكەوێتە خوارەوە هەرگیز رزگاری نابێ، ئەوەی سەیرە وەك پێشبڕكێیەك دانراوە و ئەو كەسەی بتوانێ بۆ ماوەی چەند خولەك بمێنێتەوە ئەوەندە دۆلارە وەردەگرێت لە بڕی مانەوەی لەسەر جۆلانێكە.

## شێوەی بەرخ!

تایبەت كاتێك لە نمایشـــەكاندا دادەنرێن یان خوورییەكەی لەگـــەڵ خوریی دیكەدا تێكەڵ دەكـــرێ و گرانبەهاترین جلی لێ دروست دەكرێ.



## جلی ناوازە بۆ منداڵان !







دروســـت كردنی جلوبەرگە ســـەیر و جوانەكان، جێگەی پڕ بایەخ و شێوازێكی رازاوەی كاری ســـەیر و ســـەمەرە دەبێ، لە كاتێكدا جلوبەرگ لە شێوەیەكی دیكەی دوور لە شێوە سرووشـــتییەكەی هۆكارێكی دروســـت بوونی حاڵەتێكی ســـەیرە بە تایبەت كاتێك لەبەر مرۆڤ بە گشتی و منداڵان بەتایبەتی دەكرێ، لەم چەند وێنەیەدا لەلایەن كۆمپانیایەكی نەرویجی بۆ دروســـت كردنی جلوبەرگ، چەندین جلی منداڵانی سەیری دروست كردووە، لە كاتێكدا ئەو جلانە ئاسایی نین و بۆ كاری جوانی دروست كراون.

## وتـــە

- ئاسمان هەرچەندە گەورە بێت كە مانگی تێدا نەبوو هەر تاریكە، مرۆڤیـــش هەرچەندە گەورە بێت كە رەوشـــتی تێدا نەبوو هەر بچووكە.
- خۆشەویستی بەبێ هۆكارە و هیچ هۆیەكـــی نییە، بەڵام ئەگـــەر خۆشەویســـتییەك هۆكاری تێدا بـــێ یان هۆی هەبێ، ئـــەوە یـــان رێزگرتنە یـــان دوو روویـــە و نابێتـــە خۆشەویستی !

## زاخـــاوی مێشك

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (رامان) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیكارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بكەرەوە كە لەكۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (جۆرە شیرینییەكە لەگەڵ چای دەخورێت)
- پیتی خانەكانی (٤+٥+٦) كۆ بكەیتەوە بە مانای (ناوی جۆرە كۆمپیوتەرێكە)
- پیتی خانەكانی (٤+٦) كۆبكەیتەوە بە مانای (بەشێكە لە جەستەی مرۆڤ كاری خوێن بردن دەكات)
- پیتی خانەكانی (٤+٢)كۆ بكەیتەوە بە مانای (ژمارەیەكە جارانی خۆی بكەیتەوە دەكات بە ١٠٠)



**كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زیاتر لەماوەی پێشوو خـۆت بەحیساباتی داراییـەوە خەریك دەكەیت و بیر لەداهاتی زۆرتر دەكەیتەوە، پێویستە هاوسەنگییەك بـۆ خەرجییەكانت دابنێیت.




**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بـەخـت خـەنـدەت بۆ دەكـات و ئـەزمـوونـی زیاتر وەردەگـریـت، لـەئـەنـجـامـی چەند بۆچوونێك وانەیەكی باش وەردەگریت، رەنگە دڵت بۆ كەسێك بكەوێتە دڵە خورپە.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەخێرایی گۆڕانكارییەكی ئـیـجـابـی دەكـەیـت لـە بواری ئـیش و كـاردا، رەنـگـە لەرۆژانی داهـاتـوودا بگـەیتە ئەنجامێكی باش و گرفتێكیشت بـەرەو چارەسەری بڕوات.



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

كـەسـێـكـی نـــاودار لەژیانت بەتوانا فكری و پـیـشـەیـیـتـەوە كاریگەر دەبـێـت، تـۆش بـەمـە سوودمەند دەبیت، لایەنی دارایی و سۆزداریت جێی دڵنیاییە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

چـــاو بـەپـەیـوەنـدیـیـە كـۆمـەڵایـەتـیـیـەكـانـت دەخشێنیتەوە، بـاری داراییت بەسەر كۆسپێك زاڵ دەبێت و بەرەو باشتر هەنگاو دەنێیت، چاودێری تەندروستیشت بكە.



**كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ئەگەر ئەمڕۆ وتووێژو گفتوگۆت كرد دەربـارەی ئیش و كارەكانت ئـەوا زۆر وریا بە، چونكە بارودۆخ زۆر نارێك و نـاگـونجاوە بۆ ئـەم جـۆرە ئیش و كارانە.

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | ١٢ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | | | | | ■ |
| ٢ | | ■ | | | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | ■ | | ■ | | ■ | | ■ |
| ٤ | | | | | | | | | | | | |
| ٥ | | ■ | | ■ | | | | | ■ | | | |
| ٦ | | | | | | | ■ | | ■ | | ■ | |
| ٧ | | | | ■ | | | | | | | | |
| ٨ | | ■ | | ■ | | ■ | | ■ | | | | |
| ٩ | ■ | | | | | | | ■ | | ■ | | |
| ١٠ | | | | | | | | | | ■ | | ■ |
| ١١ | | | ■ | | | ■ | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | ■ | | | | |

## ئاسۆیی:

١- مێژوونووسێکی شاری هەولێربوو١٨٧٧-١٩٢٢ .
٢- گۆرانیبێژێکـــی کۆچکـــردووی کوردســـتانی باکوربوو(پ).
٣- نێرەی مەڕ.
٤- کچە گۆرانیبێژێکی کوردبوو.
٥- ئۆتۆمبێلێکی رووسی بوو- سامی بێ سەر.
٦- شارۆچکەیەکی سەر بە موسڵە(پ).
٧- رەش بەهەورامی- شاعیرێکی کوردبوو.
٨- ئاژانسی بۆشایی ئاسمانی ئەمەریکا(پ).
٩- واقیعی- دووپیتی تەها.
١٠- گۆرانیبێژێکی شاری هەولێرە(پ).
١١- دارێکە- دارێکە- سیکۆتین(پ).
١٢- یاریزانێکی فەرەنســـییە(پ)- جۆرە شـــیرێکی منداڵانە.

## ســـتوونی:

١- مێژوونووســـێکی شـــاری هەولێربوو١٢٣٣- پێش نەخۆش.
٢- وەکویەك- نیوەی لیما- خەڵکی کۆیە(پ).
٣- پادشـــایەکی دەوڵەتی متیانی کـــوردی بوو٤٤٠ پ.ز.
٤- رووبارێکە لە ئەورووپا(پ)- خەڵکی لیبیا.
٥- ژنە شۆڕشگێڕێکی کوردبوو.
٦- چۆن(پ)- ناکرێ- نیوەی زەوی
٧- دڵشاد(ت) سوربە عەرەبی.
٨- وەکویەك- جێگای حەسانەوە- نیوەی قران.
٩- مکوڕ(ت)- شارێکی کوردستانی باکوورە.
١٠- نیوەی حازم(پ)- جۆرە مۆبایلێکە(پ)- کاتی تب سەر.
١١- تازەپێگەیشتوو- ئامێرێکی کۆنی هاڕینە(پ).
١٢- چیایەکی کوردستانە- نیوەی کۆتر.

## بەختەوەری لە ساماندا نییە

- ئێوارەیەك ماســـیگرێك یەك ماســـی گەورەی پێ دەمێنێتەوە، ئەویش لە دەرگای ماڵێکی دەوڵەمەند دەدا، خاوەن ماڵ ماســـییەکەی لـــێ دەکڕێ و کە پارەکەی دایە، ماسیگرەکە زۆر دڵخۆش بوو، خاوەن ماڵ پرسی؟ بەختەوەرت دەبینم سەرەڕای هەژاریت، دەتوانی هۆکەیم پێ بڵێی؟ ماسیگر گوتی : هەر کات ئێواران دەچمەوە ماڵ و هەموو ماســـییەکانم فرۆشـــتووە خێزانم چاوەڕێم دەکات لە کەنار دەریا، لەکوخێکی بچووکدا دەژین زۆر بەختەوەرم، سەیری دەریام کرد، بینیم دنیا وەك دەریایە، من هەموو ڕۆژێ تۆڕی ماســـی گرتن دەخەمە ناو دەریا و کۆمەڵێ ماســـی پێـــوە دەبن، بۆ بەیانی کۆمەڵێکـــی دیکە، ئاوا هـــەر ڕۆژەو کۆمەڵێك، دنیاش وایە هـــەر ڕۆژەو کۆمەڵێك دەکەوێتە داوی مەرگەوە، بەوەندەی هەمە بەختەوەرم، خوا حافیزی کردو و رۆیشـــت، دەوڵەمەندەکە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی : بەڕاستی بەختەوەری لە ساماندا نییە.

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی ناوی گوندێکی کوردستانت بۆ دەردەچێت :


م ن س ڵ ا ی

وەڵامی ژمارەی پێشوو: گەوارە



### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

زۆر بەپەرۆشەوە کاردەکەیت و لەهەر کاتێك زیاتر ئارەزووی کۆکردنەوەی پارە دەکەیت، لەوانەیە لـەم بـارەیـەوە بڕیـارێکی گـرنـگ و یەکلاکەرەوە بدەیت و ئەنجامێکی باشی دەبێت.



### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەنگاوەکانی بەم دواییەت، بەرەو ئەنجامێکی گرنگ دەبات لە ژیانی تایبەتی، لەگەڵ ئەو کەسە ماوەیەکە کێشەتان هەیە و هەوڵ بدە لە نزیکەوە لە خاڵە ناکۆکەکان چارەسەری بۆ بکەن و بەرامبەر هەستەکانت بۆ ئـەو کـەسـەی لێت نزیکە، چاکترە ڕێگەی بدەی زیاتر ئاشنات بێت.




### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

نەیەڵیت دووبـارە ڕەشبینی باڵ بەسەر ژیانتا بکێشێت، راسـتــە کـەمـێـك دوو دڵ دەبیت، بـەڵام ئەمە زۆر ناخایەنێت و وردە وردە لـەم فشارە دەروونییە رزگارت دەبێت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

هـەست بـە ئـارامـی و گەشبینی دەکەیت و چالاکیت بـەرەو باشتر دەچێت و، بارودۆخ و ژیانت لا شیرین دەکات و لەوانەشە دەستکەوتی دارایی و سۆزداری لەگەڵ بێت.



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بـیـرو مێشکت بـخـەرە کارو لەگەڵ دەوروبەریش ململانێ مەکە، ژیربە ئـازیـزم، چونکە ماوەیەکە هەندێ ئاماژەت بۆ دەکرێت و خۆت تێی دەگەیت، بێ ئـەوەی من ئاماژەی بۆ بکەم.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

هەندێك پێشەوەچوونی ئـیـجـابـی ڕوودەدات و دڵخۆش دەبیت، بـەڵام یەکێك لەکەسە نزیکەکانت ڕەنگە دووبـارە پەرێشان و خەمگینت بکاتەوە، بۆیە زۆر ئاگاداری خۆت بە.



## نوکتە

■ دوو برا دەبن بـــە هاوەڵزاوای یەکتـــر، کەخوشـــکی براژنەکەی خـــۆی دەهێنێت و لـــەدوای مارە بڕینەکـــە، یەکێکیان لە برایەکان بە برایەکەی دیکە دەڵێ: لە ئێســـتاوە بووین بە خزم.

■ بەنزیخانەیـــەك لە نزیك ماڵی رەزیلێك دروســـت دەکرێـــت، دەڵێتە ژنەکەی ژنەکە ئیســـراحەتمان کرد لەمەو دوا خـــۆم و خۆت بە پێ و بە پیاســـە دەچین بەنزین لە سەیارە دەکەین.